جەواد خەڵکی گوندی "تەخت"ی سەر بە نێوچەی خورخورەی سەقز بوو. شێخ جەواد لەپێشدا ئەندام بوو لە "یەکێتی جوتیاران "، پاش فتوای جیهادی خومەینی، بە ئۆتۆمۆبێل و چەکی خۆیەوە، ببوو بە پێشمەرگەی کۆمەڵە. درەنگانێکی شەو، گەیشتنە سەردەشت. شاری سەردەشت و لەشکرگەکەی، بەتەواوەتیی لەژێرکۆنترۆڵی حیزبی دیمۆکراتی کوردستاندا بوو. پێشمەرگەکانی کۆمەڵە، بەیانی زوو بەرەو شاری بانە وەڕێکەوتن... لە بانە، شێخ جەواد لە کۆمەڵە جیابووەوە و لەگەڵ ژمارەیەک کەسایەتی و سیاسەتکار و کەسانی سەربەخۆ و ناحیزبی، بەرەو خڕی نێوزەنگ و دەوروبەری بنکەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕۆیشتن....

## بابزانین شاری مەریوان لەو ڕۆژ و سەردەمانەدا، لە چ بارودۆخێکدا بوو!

هەروەک پێشتر باسکرا، پاش ئەو سەرکەوتنەی خەڵکی مەریوان کە بەهۆی کۆچکردنی بە کۆمەڵ و وتوویژ لەگەڵ ڕژێم بەدەستیهێنابوو، بارودۆخی شار گەلێک ئاسایی بوو. کۆمیتەی بەڕێوەبەرێتیی شار (شورای شار) کە بە هەڵبژاردنی ئازاد و دیمۆکراتییانە لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرابوون، بەرێکوپێکی کاروباری شار و دەوروبەری دەبرد بەڕێوە. بەلام، هەروەک پێشتر ئاماژەکراییی، بەهۆی ئاژاوەنانەوەی داروودەستەی موفتیزادە و دەستوپێوەندی ڕژێم، «شورای شار» ڕاستەوخۆ بوو بە دوو کەرتەوە و، ئاسایش و هێمنی، جێگەی خۆیدا بە ئاڵۆزی و پشێوی، بەوەش ڕژێم بیانووی کەوتەدەست، تا بەنێوی پارێزگاریکردن لە گیان و ماڵی موسڵمانان و دانیشتووانی شار لە بەرامبەر کۆمۆنیست و دژەشۆڕشدا، بەرنامە دابڕێژێ بۆ داگیرکردنەوەی مەریوان!

ڕۆژی ٢ی خەرمانان، لەشکرێکی گەورە، بەهەموو جۆرە چەکوچۆڵێکی جەنگییەوە، لە شاری سنەوە بەرەو مەریوان کەوتەڕێ و پاشنیوەڕۆی ئەو ڕۆژە، بێ هیچ تەقە و ڕووداوێک شاری مەریوانی داگیرکردەوە. لەگەڵ داگیرکردنەوەی شار، لایەنگرانی موفتیزادە، دەستیانکرد بە گرتن و ڕاوەدوونانی لایەنگرانی حیزبە سیاسییەکان و ناساندنی بنەماڵەی پێشمەرگە و ئازادیخوازانی کورد بۆ بەکرێگیراوانی ڕژێم. ڕۆژی ٩ی خەرمانانی١٣٥٧ هەتاوی، نۆ کەس لەلاوانی کورد لە لەشکرگەی ڕژێم لە مەریوان، گوللەباران کران....

هەر ئەوکات ڕۆژنامەی «فیگارۆ» چاپی فەرەنسە، ژمارەی ٤ی جولای ١٩٧٩، هەواڵی داگیرکردنەوەی شارەکانی کوردستانی بەمشێوەیە بلاوکردەوە:

**....شارە کوردنشینەکانی کوردستان و ئازربایجان و کرماشان، یەک لەدوابیەک، لەلایەن سوپای ئێرانەوە داگیرکرانەوە. بەڵام سەرنجی تەواوی سوپای ئێران بەرەو شاری بانەیە و، سوپا دەیەوێت بوونی شەڕکەرانی کورد لە دەوروبەری ئەو شارە پاک بکاتەوە. وێژەرێکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان کە سەرۆکایەتیی بزاڤەکەی بەدەستەوەیە، دەبێژێ: «ئێمە نامانەوێ لە شاردا شەڕ بکەین، تەنانەت ئەگەر شارەکانیش داگیربکرێنەوە، شۆڕشی کورد وەک ئاگری ژێرخۆڵەمێش، سەرلەنوێ بڵێسە دەستێنێ. دوو ڕێبەری کورد، قاسملوو - شێخ عیزەدین، بەرەو شاری بانە ڕۆیشتوون. ئایەتوڵڵا خومەینی، دوێنێ لە شاری «قوم» ەوە، پەیامێکی تازەی نارد کە لە ڕادیۆی سەرتاسەریی ئێراندا بڵاوکرایەوە. ئایەتوڵڵا خومەینی لەو پەیامەیدا داوای کرد لە گەلی کورد، ڕێبەرانی خائینی حیزبی دێمۆکرات دەستنیشان بکەن و تەسلیم بە هێزەکانی ئیسلامیان بکەن. سوپای ئێران لەسەری پێویستە، بە هەموو هێزوتوانایەوە تێبکۆشێ بۆ لەنێوبردنی ئەو لایەنانەی کە خۆیان بە حکوومەتەکانی بێگانە فرۆشتووە!».**

ڕۆژی ٩ی خەمانان، ڕژێم لەشکرێکی گەورە و پۆشتەی بە فەرماندەیەتیی «مستەفا چەمران» بەرەو جادەی مەریوان بانە- خستەڕێ تا لە سەرشیوەوە، ڕێگەکانی نێوان سەقز و مەریوان و بانە لە هێزی پێشمەرگە پاک بکاتەوە و، لەوێشەوە شاری بانە داگیربکاتەوە. هێزەکەی ڕژێم لەکاتی پێشڕەویکردندا دەگاتە نێوان گوندەکانی -بستام کانیعەمەت، لەم شوێنەدا، لەنەکاو بەرەورووی دوو دەستە پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان دەبنەوە. سەردەستەی پێشمەرگەکانی یەکێتیی، کاک برایم جەلال دەبێ. هەروەها کاک فوادی مستەفا سوڵتانی سەرۆک و کارگێڕی سەرەکیی کۆمەڵەشیان لەگەڵدا دەبێ. وەک دواتر زانرا، کاک فواد و هاوڕێکانی ویستبوویان بۆ ڕێکخستنەوە و سازکردنەوەی ڕێکخستنی ئەندامان و لایەنگرانی کۆمەڵە، لە بانەوە بەرەو نێوچەی مەریوان بگەڕێنەوە. بەوجۆرە شەڕێکی نەخوازراو تووشیان دەبێ و لە ئاسمان و زەوییەوە دەدرێنە بەر گوللە. لە ئەنجامی ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیەدا، کاک فواد شەهید دەکرێ و لاشەکەی دەکەوێتە دەستی دوژمن. پێشمەرگە و هاوڕێکانی، هەرهێندەیان پێدەکرێ، پاشەکشە بکەن و